www.kurdistannet.org
21-1-2003 0:25

# ناسنامەی ژنی کورد لە تەرازووی (ئەویّ) ی بالاّو (ئیّرە) ی کەناردا

کازیوە ساڵح
kazewas@hotmail.com



مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی شارستانیەتەکانە، مرۆڤی بێکەلتورو شارستانیەتیش زادەی کۆمەڵگا هەرەمەکیەکانە، ئاشکرایە کۆمەڵی شارستانیش جیاوازە لە کۆمەڵی سەرەتایی بەوپێیە شارستانیەت پانتاییەکی گەورەی رۆشنبیریو کەلتوریو بەهای دەزگاییو نەریتو ئایدیۆلۆژیاو بیرکردنەوەی مەدەنیانەیە، لەروانگەی ( (ماوسو دورکهایم) ) یشەوە شارستانیەت بەجۆرێك لەناوەندی مۆڕاڵی (ئەخلاقی) لێکدەدەنەوە کە ژمارەیەك نەتەوەی پەیوەندیدار دەگرێتەوەو هەر رۆشنبیرێکی نیشتمانیش شێوەیەکی تایبەتە لە شێوە گشتیەکە.

ئەم چەمکە (برودل) یش وای پێناسە دەکات کە کۆمەڵێ خەسڵەتی رۆشنبیری دیارە، هەڵبەت دابەشبوونی رۆشنبیریش لە جیهاندا رەنگدانەوەی دابەشبوونی هێزە، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی رۆشنبیری ئەو پنتو پرەنسیپە بووە کە سەرجەم بیریارانو زانایانی لەدێر زەمانەوە خەریك کردوە، بەتایبەت لەسەدەی نۆزدەدا بیریارە فەرنسیەکان وەکو دژە کارێکی چەمکی بەربەریەت بایەخیان بەو چەمکە دەدا، چونکە بەهێزی راستەقینەی هەماهەنگیو تێکەلاّبوونی جیهانیان داناوە، دەرئەنجامی ئەو هێزە دژەیش جێگیربوونی رۆشنبیریو ئاوەزی شارستانیە، بەلاّم ئایە سەرجەم شارستانیەتەکان شیاوی ئەوەن شوناسی شارستانیەتی راستەقینە هەڵگرن ؟ لێرەدا دەکەوینە بەردەم جۆری شارستانیەتەکان کە لە شێوە گشتیەکەیدا دەتوانرێت ناو بنرێت شارستانیەتی رۆژئاواو، شارستانیەتی رۆژهەلاّت، واتە وێنەی دوو کۆمەڵو دوو جەمسەر بەرجەستە دەبێت، جیهانێکی رۆژئاواییو کۆمەڵێکی رۆژهەلاّتیەو دەخرێنە دووتای تەرازوویەکی ناهاوسەنگەوە کە گەردوونەو مرۆڤیش لەو تەرازووەدا بۆ ناسنامەی خۆی دەگەرێت، ئاراستەو ماهیەتی دەست نیشان دەکات، کە ناسنامە بەواتای چی بوونی مرۆڤ دێت بۆ دیاریکردنی ( (من کێم؟) ) ، ( (ئینتمام بۆ کێ هەیە) ) وەکاتێ وەلاّمی ئەو دوو پرسیارەی دایەوە دەتوانێت بگات بەوەی کە خۆی ناسیوە، هەڵبەت هەتا خۆشی نەناسێت ناتوانێ بە عەقل بەدوای بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیدا بچێت بەلاّم مرۆڤ تەنها بە عەقڵ ناژی، بە تایبەت لە گۆرانکاریە کۆمەلاّیەتیەکاندا، پێویستە پێناسەیەك هەبێت بۆ خود، ئەو خودەی جیوپۆلۆتیکو سەرجەم جوگرافیاو ژینگە کاریگەری گەورەو راستەوخۆی لەسەر دروست بوونی دەبێت، بۆ نموونە (ئەو کەسەی لەسوید لەدایك دەبێت جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسەی لە کوردستاندا لەدایك دەبێت لەرووی قەدەری ژیانو جۆری گوزەرانو هۆشیاریو ئەو کارەساتە نەتەوەییو ژیاریانەی رووبەرووی دەبێتەوە) ، هەستکردنی مرۆڤیش بە بەهای خودی خۆی هەوڵدانە بۆ دانپیانانی لەلایەن خەڵکەوە، ئەو فاکتەرەش تا ئێستا بە سەرچاوەی چاکەو جوامێریو کەرامەت وێنا دەکرێ.

هەرئەوەش دەبێتە بەرگری لەبەرامبەر ستەمکاران، چونکە ئەو رەهەندە مۆراڵیەی لە کەسایەتی مرۆڤدا هەیە، بەردەوام خودو خەڵك هەڵدەسەنگێنێ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئەوەنیە هیچ بریارێکی لەسەر ناوەرۆکە بنەمایەکانی مۆراڵ هەبێت، لێرەوە دەتوانین بچینە نێو جیاوازیە مۆراڵیو جوامێریو لایەنەکانی تری مرۆڤی رۆژهەلاّتیو مرۆڤی رۆژئاوایی، دەکرێ بڵێین رۆژئاوا کارخانەیەکی بەهێزی بەرهەمهێنانی فکرو عەقلاّنیەتەو خاوەنی کۆمەڵێ دەستکەوتی تەکنەلۆژیو سیاسیو کۆمەلاّیەتیو زانستی گەورەیە، کارخانەیەك بەبێ ئەفسانەی عەقلّی باو دووبارەو هەمیشە بەرهەمدەهێنێت، واتە کاڵبوونەوەی ئەفسانەو رەمزەکان، پراکتیزەکردنو بە واقعکردنی خەونەکانو تیۆرە فکریەکان، ئەم فاکتەرانەش دەبن بە ئاگرێكو زۆربەی خەونە بەفرینەکانی رۆژهەلاّت لە گەروی خۆیاندا دەتوێننەوە،

www.kurdistannet.org
21-1-2003 0:25

چونکە لە بنەمادا ڕۆژهەلات خاوەنی هیچ پێگەیەکی شارستانی نیە بەراورد بەپێگەی شارستانیی ڕۆژئاوا، جگە لەوەی شێوەی پێچەوانەکەی ڕۆژئاوای لە شێوەدا گرتووە، بەواتایەکی دی، ڕۆژهەلات ئەو خودە دەستەمۆو نامۆیەیە کە بەرامبەر شارستانیەتو دەستکەوتی فکریو تەکنەلۆژی ڕۆژئاوا تووشی سەرسامیو گێژاوبوە، بەرامبەر بەرهەمهێنانی ئەویش ئەو فاکتەرێکی لەکارکەوتوو (مستهلك) ڕۆڵ دەبینێت، هەمیشە هەوڵدەدات ئەفسانەو ڕەمزو خەیاڵ بۆ خۆی دروست بکاتو لەسایەی ئەو سنبولو ئەفسانەدا بژی.

کەواتە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدا هەیە بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە جیاوازییەکان مەترسی گەورە لە هەناوی خۆیاندا حەشار دەدەن بەرامبەر بەمرۆڤ، ئەگەر لە غەمی مرۆڤی کوردیشدا بین بەرامبەر بە مرۆڤی کورد بەگشتو ژن بەتایبەتی، ئەمەش سەرتا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بنەچەی کەلتوری کوردی، کە وێڕای کەموکوریەکانی وەکو نەتەوەیەکی ڕۆژهەلاتی، تا ئێستا خاوەنی شارستانیەتێکی دیارو ناسراونینو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی دامەزراوی پتەو کە دەوڵەتە، لەوێوە بووە بەپاشکۆی دەوڵەتانێکی جیهانی سێهەم کە خۆشیان خاوەنی پایەگەو ئامادەبوونێکی بەهێز نین بەرامبەر ڕۆژئاوا، هۆکارێکی دی پەیوەندی بە نەبوونی کەلتوری سەربەخۆی دینی کوردەوە هەیە، یاخود پشت هەڵکردن لە کەلتورێکی پەیوەست بەخۆوە، پەنابردنە بەر کەلتورو ئاینێکی وەکو کەلتورو ئاینی عەرەب، کە ناتوانێت سەربەخۆی کورد بپارێزێت. چونکە ناتوانێ ژیانی نەتەوەیی بپارێزێت. هەڵبەت کاتێ ژیانی نەتەوەییو میللی میللەتێك پارێزراو دەبێت کە ڕۆحی ئەو نەتەوە پارێزراو باڵا بێت، لەو ڕێگەیەشەوە کەلتورو شارستانیەتو فەرهەنگی میلەتێك دەبن بە بەشێك لە میکانیزمی ناسنامەی نەتەوەیی، ئەو پارێزگاری کردنەو تەنانەت گەشەکردنیش ئێستا کەوتوەتە هاوکێشەی سوود وەرگرتن لە هاوچەرخ بوونو پێشرەوییەکانی تەکنەلۆژیاو زانستو دەستکەوتەکانی مۆدێرنێتە، نەك ئاراستەی باو، ڕاستە بنەمای پەتریارکی لە ڕۆژئاواش بارگەی خۆی نەپێچاوەتەوە، تاڕادەیەك هێشتا ئامادەبوونی هەیە، بەڵام بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازیو مۆدێرنەیان نەکرد بە دروشم هەتا لە قۆناغی کشتوکاڵیەوە نەچوونە قۆناغی پیشەسازی.

ئێستاش خۆیان بە ڕەگەزپەرستی تەکنەلۆژیا ناوزەد نەکرد هەتا لە قۆناغی پیشەسازییەوە نەچوونە قۆناغی زانیاری، بەڵام پارێزگاریکردن لەناو کوردا هێشتا بە عەقڵیەتی دەرەبەگایەتیو قۆناغی کشتوکاڵی دەکرێ، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئاکاری پەتریارکی بۆماوەیەکی کوردییە لەناو خێزانەکانداو دەبێ لەو خێزانە پەتریارکیانەوە بۆ ناسنامەی ژن بگەڕێین، ئەوجا بەراورد بکرێت بە ناسنامەی سەپاوی خۆرئاوا، هەڵبەت کەنارەکانی ڕۆژهەلات بەڕادەی یەکەم ژنی تێدا گۆشەکرێتو هێندە ستەمکارانەش بەرکەنار دەخرێن کە لەناو سیستەمی خێزاندا کە لەڕیزی چەندەمی شمەكو کالاکانی ناوماڵدایە، لە ڕیزی ئامرازەکانی چێژ بەخشینو زاوزێکردنو کابانیو پێداویستیەکانی خێزان، ژنێك لە ڕۆژهەلاتدا لەژێر ساتۆرەکانی ڕەشەکوژی لادێو شارو تیرۆری ڕۆحیو دەروونیو جەسەدی، لە کەم بەهاییو بێنرخی خۆیدا، لەپلە دووی چەپاندنو بەسەرادانیدا. ژنانی کوردی سووتاو بە ئاگری پیاو سالاریو حزب سالاریو ئاین سالاری، ژنانێکی پەروەردەی ماڵی کوردی سیخناخ بەچەكو بە دوژمنە ڕۆمێکەی ئەوان، ناتوانن لەناو بێئومێدی عەقڵیو فەرهەنگی، کە ڕووگرتووی نێو ژووره تاریکەکانی ڕۆح، ناتوانن روناکیەك بەدیبکەن جگەلە خەون بینین بەو فریادڕەسەی کە ڕزگاریان بکات بەرەو سەنتەری خەون، شتێکی دی نابێ بە ئامانج، بۆیە جگە لەوەی کورد خاوەنی ناسنامەو قەوارەی سیاسی خۆی نییە، لەکاتی هەبوونیشیدا ژن نابێ بە خاوەنی ئەو ناسنامەی بتوانێت بلێیت ( (من هەم) ) بەمانا فراوانەکەی، بەواتایەکی دی ژن لە کوردستاندا پلەدوو پاشکۆی پیاوە کوردستانیش پاشکۆی وولاتانی جیهانی سێهەم، ئەو وولاتانەش پاشکۆی ڕۆژئاوان، لێرەوە ناسنامەکە بەمانای ( (چی بوون) ) دێت، ئەو بوونەش لەناو خێزانە هەتا سەرجەم داموو دەزگاکانی تر بە هیچ یەکسانە، چونکە بوونی ناسنامە واتە دان پیادانانی خاوەن شوناس، ژنیش هەتا ئێستا لەناو کوردا دانی پێدانەنراوە، ئەگەر بەدوای دانپێدانانی خۆشیدا وێڵ بێت، پێویستە لە ناو قەوارەیی خێزانیو دەزگاییو نەتەوەیی خۆییەوە سەرتا دەست پێبکات، وەکو ئەوەی لەناو خێزانو نەتەوەی خۆیدا (کێ بوون) ی خۆی بسەلمێنێو لەنێو کیانی مرۆییو دامەزراوو قەوارە نەتەوەییەکانیشدا (ئینتما) بوونی خۆی بسەلمێنێ، کە هەستی ئینتمابوونی خۆی سەلماند ئەوجا دەتوانێ خۆی لەگەڵ خەڵکی تردا جیابکاتەوە، چونکە ئازادی تەنها ئەو کلیلە نیە کە دەرگای ژەنگاوی ستەمکاری پێدابخەین، هێندەی ئەوەی دارشتنو جێگیر بونەمانە لەنێو ئەو جیهانەدا بەهێزو دەسەلاتو سیستەمو دەزگاو دامەزراویەوە ئەوە بە کارکردن بۆ گۆڕانی، لەمیانەی سیستمی باوو، گەیاندنی بۆ ژێدەرەکانی مەبەست، بەنیازی دووبارە دارشتنەوەی مەسەلە مەشروعەکان، بەو پێیەش

ئازادیزانین ئەو یاسا پێویستو جێگیرانە نیە کە کاری پێبکرێت بەڵام مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی سەبارەت بە سەرجەم ئەو فاکتەرانە خۆی دەداتە دەست ئەو نادیاریو ئەفسانانەی کە ئاین بۆی دارشتون.

بەرادەیەك كەلتوری ئاین غیابی عەقڵو غیابی زانستی پرکردوەتەوەو هەموو لێکدانەوەو راڤەکردنێکی زانستی ئامادەگی نیە، چونکە لە بنەمادا لێکدانەوەی قبوڵ نیە، جگە لەوەی لە سایکۆلۆژیەتی تاکی کوردا سنبول دروستکردن بووە، بەخوو، بەدیار ئەو سونبولەوە دەبێت بەراهیبەیەکی چاوەڕوان، سنبولی ئەم سەردەمەی کورد ڕۆژئاوایە، ڕۆژئاوا ئەو فریادڕەسەیە کە بەلێشاو قوربانی بۆدەدرێت، لەم بوارەشدا ژن ڕۆڵێکی باشی قوربانی داندەبینێ، هەمیشە چاوەڕوانی هەلێکی فریادڕەسانە دەکات وەکو دەستێکی ئەفسوناوی بێت لەو کەنارە دەربیێنێ بەرەو (ئەوێ) ی خەونەکانی بیرفێنێ، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە خولیای گۆڕینی ناسنامەکەیو خێزانو دەزگا وەکو قۆناغی سەرەتاییو دوایش گۆڕینی سەرجەم کۆمەڵگاکەی دەبێت بە خولیایو ئاکامەکانی هەرچۆنێك بێ بەدووی بەدیهێنانیدا وێڵدەبێت، بەڵام خەونی ڕۆژئاوای بە سنبول بوو ئەو خولیایەش پوچەڵ دەکاتەوە، چونکە زیاتر دەچێتەوە چوارچێوەی فریادڕەسە کۆمەڵایەتیەکەوە، بە واتایەکی دی ژنان لەپێناوی گەشتن بەو سنبولە ئەو میکانیزمە سەرەتایانەش لە گریمانەی ناسنامەی دەداتێ، دەیکات بە قوربانیی، وەکو قوربانیی ڕۆحییو سۆزی ئەمەش واتای سەرجەم لایەنە دەرونیەکە دەکات، قوربانیی جەسەدی کە وەکو کاڵایەك بازرگانی پێوەدەکات. . تاد. ئاشکراشە لەهەموو شەڕگەو قەیرانەکانی هەر وڵاتێکدا ژن گورزی گەورەو زیانی گەورەتری بەردەکەوێت، بۆیە دەبینیت ئەو مرۆڤە باوەڕهێنەرە بە ئەفسانەو گەرمی دەروونو سنبولە ڕوحیەکان، لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی چەق بەستوو، مێژوویەکی لەیەك چوو نەگۆڕو دووبارە بەرادەیەك لەگەڵ ئەو ڕەوتە چەقبەستوەدا دەژین کە ڕەحمی مێژووی دەرهێناوە کە بەئاسانی ئومێدی لەدایك بوونی ئێستای نوێو ئایندەی مۆدرێن ناکرێت، لێرەوە دەچێتە نێو جوگرافیایەك پێشکەوتنو گۆڕانەکانی هێندە تیژڕەوە ئەو فریای تێگەشتنو دارشتنەوەی ناکەوێت، چووەتە نێو بەستەڵەکی ڕۆحی تەزیو، ڕەگەزپەرستیو وێنەی ئاینو زمانو مێژووە، جیاوازەکان دەبێت بە چوارچێوەی مامەڵە کردنی، لەو مامەڵە کردنەشدا ئەو مرۆڤەی کە هەندێ جار هەست بەکەمیکردن وای لێکردوە کەلتوری خۆی بەجێبهێڵێ وابزانێ لە کەنار کەوتویەتی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ باڵابوون، یان هەندێ جار لەشارستانیەتی خۆی ڕازی نیەو باڵاتری دەوێ، واتە ئەو کەسەی لەناو نەتەوەو میللەتی خۆیدا هێندە باڵایە لەڕووی ڕۆشنبیریو باری کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە بەکەلتوری خۆی ڕازی نیەو بەنیازی گۆڕینی ناسنامەو کەلتورێکی دی هەڵدەبژێرێ، لەوێ بەنمرەی یەکەم ڕووبەڕووی دوو فاکتەری سەرەکی ترسناك دەبێتەوە، یەکێکیان پێشکەوتنێکە کە نەتەوەو کەلتوری ئەو نازانێت بیخوێنێتەوە سەرسامە، یەکێکی تریشیان دواکەوتنێکە کە نەتەوەو کەلتوری ئەو پێی ڕازی نیە، دواکەوتنێکە دەکرێ بیخەینە چوارچێوەی ئەو بازرگانیە جەسەدییەوە کە بەژن دەکرێت، وەکو هەر کاڵایەك ژن (استیراد وتصدیر) دەکرێت بۆ بازرگانەکانی سێکس، یان لە حکومەتەوە مۆڵەتی ڕەسمی وەردەگرنو باجی داهاتی لەشیان بە حکومەت دەدەن. لەڕووی شارستانیەتیو پێشکەوتنەکەشەوە، دەبێ بە کەسێکی داماڵراو لە هەموو شارستانیەتو ڕۆشنبیریو زانستێكو لە (ئەلفوبێ) ی عەقلانیەتەوە دەست پێدەکاتەوە، ئیتر بەو شێوەیە دەبێتە بابەتو لەڕێگەی ئەو میکانیزمو گوتارانەی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتی فەراهەمهێناوە بەرهەم دەهێنرێتەوە، ئیتر دەبێ بە دروستکراوێكو لەژێر سایەی کەلتورێکدا دەژی کە هیچ ئینتمایەکی نیە بۆی. ئینتمابوونیش بەرەگەزی سەرەکی بوون– ناسنامە بوون دێت. بەو شێوەیە دەبینین ڕۆژئاوا یەك خەسڵەتی بنەڕەتیە ئەویش بە سەپاندنو سنبولکردنی ناسنامەی خۆی بە پێشەنگ (قدوە) کردنی کەلتوریێتی، بەتایبەت پاش سەدەی نۆزدە کە وەکو کیانێکی شارستانی جودا خۆی سەلماند، شارستانیەتی ڕۆژئاوا بوو بە شارستانیەتێکی جیهانیو لەژێر ڕکێفی ئەویشدا شارستانیەتە تەقلیدیەکان تووشی ئیفلیجیو ونبوونی شوناس بوون، بە ڕادەیەك مەترسیو هەڕەشەی خستووەتە سەر تایبەتمەندیو ڕەسەنایەتی کەلتورو مێژووی ئەوی کەنار، هیگلێش لەم ڕوانگەیەوەیە دەڵێ ( (ئەورووپا ئامانجێکی ڕەهای مێژووە) ) چونکە هیگڵ پێی وایە مێژوو بریتیە لە یەکگرتنی فکرو واقع، ئەو پراکتیزە کردنەی نێوان ئەو دوانەیەش دوورە لەمێژووی ڕۆژهەڵاتەوە، لەبەر ئەوەشە ئەوانەی دەرەوەی ئەورووپا بە مێژووی ناچیزە نەبوو ناوزەد دەکات، لەلایەکی دیش کەلتوری ڕۆژهەڵات نەپارێزراوە ( **محمد** عابد جابری) ) دەڵێ: کەلتور بەشێکە لە مێژوو. بۆیە دەتوانین بڵێین مێژوو، هەروەها کەلتوری کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگی ڕۆژئاوا. پاراستراوو چەسپێنراوەو کەلتورەکانی دیش تەنها لە هەوڵی ئەوەدان چەمکێکی ئەو بگرنو ڕۆژئاوا دانیان پێدابنێ، چونکە

خاوەنی کۆمەڵێ پرەنسیپی پڕ بایەخی ئەو سەردەمەن وەکو مافی مرۆڤ، ئازادیو مافی ژنو نمونەی باڵای لیبرالیزمو لێبوردنو تاکگەراییو.......... تاد. یەو داوا لە وڵاتانیش دەکات سوود لە ئەزموونی ئەو وەر بگرن.

بەڵام ئایە کەلتوری کوردی چ جۆرە خەونو ستاندارێك لە سروشتدا دەبینینەوە کە پێکهاتەی ڕیشە مێژوویی کۆمەڵایەتیەکەیە. لە کوێدا واقعی کۆمەڵایەتی تێدەپەڕێنێ، کەلتوری ئێمە تا ئێستا تەنها کەلتوری جیاوازی نێوان نێرو مێیە. نەك بەراووردی شارستانی، دیارە ژنێکیش لە ئەزەلەوە جیاوازی کرابێت، خۆی لەبنەمادا خاوەنی ناسنامەی نەتەوەییو مرۆییو مێژوویی نەبێتو هەمیشە وەکو مرۆڤێکی نەهلستی لەسەر مێژوو حسابی بۆ کرابێت، لە گۆڕینی جوگرافیشدا لەڕووی سایکۆلۆجیەوە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو ژیانە سەختە هێندەی بەختەوەری دەبێت بە ئامانجی، مێژوو کەلتورو ناسنامەو نەتەوە نابێت بە ئامانجی، بەتایبەت سەلتەنەتی ناسنامەو کیانبوونی بەخۆوە نەبینیووە هەتا لەوێ بێناسنامەیی بۆشاییەکی لەلادروست بکات، جگەلەوە چوونە دەرەوە لە تەواو داخراوییەوە بۆ تەواو کراوەیی، تووشی ئەو پشێویەی دەکات کە تێنەگات پرۆژەی گۆڕان پرۆژەی هۆشیارییە، چونکە خاوەنی ڕۆشنبیریو هۆشیارییەکی ڕەسەن نیە، ئەو ڕۆشنبیریەش وەریگرتووە، لە زەپۆشێکدا بەرجەستە بووە کە بە پرسیارەکانی عەقلێەتی حزبایەتیو ئاراستەی خێڵو بەرز کردنەوەی دروشمی مودرێنەو نوێخوازی لەسەر ئەپارتمانی کۆنینەو تەقلید بە ئاکام گەشتووە، کەواتە (لەوێ) تەنها ڕووبەڕووی دوو عەقڵو بیری جیاواز نابێتەوە بەڵکو ڕووبەڕووی دووئاستی جیاواز لەپەرەسەندنی کەلتوریو مێژوویو کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ناتوانێ پێ بەبەشێك لەو پێشکەوتنو مۆدرنێتی کە خۆی بەشێکە لە کەلتوری باو. لێرەدا دەردەکەوێت کە ڕۆژئاوا ژیانی ژنی ئێمەی تووشی قەیرانو ڕووداوی کتوپڕو لەناکاو کردووە ترسناکترین ڕووداویش کەتووشی کوردی کردووە جگە لەولایەنانەی کەباسمانکرد (مرۆ ئامێر) بوونیەتی، بەو واتایە دەبێت بە مرۆڤێکی دامالڕاو لە زۆربەی هەستە نەتەوایەتیەکانی، بەڕادەیەك هەموو تاوانەکانی ڕۆژئاوا لەلای دەسڕێتەوە، بیریدەچێ ڕۆژئاوا هەمیشە ئێمەی کردوەتە قوربانی کۆمەڵێ سیاسەتی نێودەوڵەتیو ڕەگەزی خۆی، جگەلەوەی بەرامبەر هەموو گوناهو تاوانانەی بەرامبەر کورد دەکرێت دەنگ هەڵنابڕێو خۆی لێدەکات بەنابیناو، بەناوی مافی مرۆڤەوە هەمیشە وڵاتانی جیهانی سێهەم تووشی برسیەتیو شەڕو تۆقاندن دەکات. بیریان دەچێت نەتەوەکەیان پێویستی بە کاریگەری ئەوانە لەسەر بڕیاری سیاسی ئەو دەوڵەتانە، چۆن مامەڵەو دیالوگ لەگەڵ ئەو عەقڵە بکاتو هەر بەچەکەکانی خۆی کە لیبرالیزمو مافی مرۆڤو ئازادیو............ تاد یە، هەنگاوێك بەرەو تێکشکاندنی ئەو هەندەسە سواوانەی کە زەمەنێکە ژنانی نەتەوەکەی پێوەی موبتەلان بنێن، دەبێ ئەوە هەست نەکردن بێت بە لێپرسراوێتی یان نەزانینی چۆنیەتی دیالوگو مامەڵەکردن بێت لەگەڵ ئەو عەقڵیەتە.

---

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣